وەزیرانی نەوتی ئێران و عێراق یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بۆ پتەوکردنی هاریکاری هاوبەشیان واژۆ کرد

وەزیری نەوتی ئێران و وەزیری نەوتی عێراق، لەم بەغدا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکانیان واژۆ کرد بۆ ئاوگۆڕی شارەزایی و بەرەوپێشبردنی هاوکاری هاوبەش، بەم شێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات بکات.

ئەمڕۆ دووشەممە ١٤ی نیسانی ٢٠٢٥، موحسین پاکنەژاد، وەزیری نەوتی ئێران گەیشتە فڕۆکەخانەی بەغدا بۆ دیدار لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و تاوتوێی پەرەپێدانی هاوکاریی وزەی نێوان ئێران و عێراق.

حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پێژەی وەبەرهێنانی غازی ئومێدبەخشی هەیە و کار بۆ بەدەستهێنانی خێبژێوی لەم بەرهەمە نەوتییەکان دەکات.

هەروەها، موحسین پاکنەژاد وەزیری نەوتی ئێران سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ پشوازی گەرم و سەردانەکەی بۆ عێراق و پەیوەندییە کولتوریییە قوڵەکانی نێوان هەردوو وڵات دەربڕی و جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.